# خاڵخاڵۆکە ٣

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە

ژمارە (٣) بەهاری ٢٠٢٥



# چەند سەرنجێک
# بۆ نوسەران و وەرگێڕکاران

پاشکۆکەمان خۆی بە خۆشحاڵ دەزانێت بەرهەم و نوسینی سەرجەم نوسەران و وەرگێڕکاران بڵاوبکاتەوە، بەڵام پێویستە لە ناردنی بابەت و نوسیندا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:


- ئەو بابەتەی دەینێرن نابێت پێشتر لە هیچ گۆڤارو بڵاوکراوەو تەنانەت سۆسیال میدیاش بڵاوکرابێتەوە. چونکە ئەگەر بڵاوکرابێتەوە، پشتگوێ دەخرێت.
- بابەتەکان بەڕێنوسی کوردی و فۆنتی یونیکود نوسرابن و هەتا دەکرێت کورت و پڕ مانا بن.
- بابەتی وەرگێڕدراو پێویستە وێنەی دەقی بابەتە سەرەکییەکەی لەگەڵدا بێت.
- لیژنەیەکی شارەزا بڕیار لە شیاوی بابەتەکان دەدات بۆ بڵاوکردنەوە، هەر بابەتێک لەساتی ناردنیەوە تا دەرچوونی سێ ژمارەی گۆڤارەکە بڵاونەکرایەوە، کەواتە شیاوی بڵاوکردنەوە نیە..

سەرنوسەر











ژمارە (٣) بەهاری ٢٠٢٥
پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری
شارباژێڕی نوێ یە

لێپرسراوی ناوەند:
ئامانج شارباژێڕی

سەرنوسەر:
سەرهەنگ عەبدولرەحمان
0770 158 5241

دەستەی نووسەران:
ئازاد تەها - ئەنوەر شارباژێڕی
ئارەزوو عەبدولخالق

٣ خاڵخاڵۆکە
ماڵی خاڵم لە کوێیە؟

ناونیشان:
سلێمانی - ناحیەی سیتەک
ئۆفیسی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ

دیزاین: جەلیل حسێن

چاپ: چاپخانەی پاندا

وێنەی بەرگ: نەجات عەبدوڵڵا




# سەر مانگ

رۆستەم خامۆش - هەولێر

حەز دەکەم بچمە سەر مانگ
خۆم بکەم بە میوانی
لەوێ پێی بڵێم ئەی مانگ
تۆ دەبینم بە جوانی

من لەسەر زەوی دەژیم
تۆش لە تاقی ئاسمانی
دەزانم تۆ بۆ ئێمە
نزیکی، هاوسێمانی

بۆیە زۆر زۆر دڵشادم
کە دەتبینم بە شەوێ
سەیرت دەکەم و دەڵێم
ئەی مانگ، من تۆم خۆشدەوێ



# قوتابخانە

نەوزاد محەمەد ئاڵانی



قوتابخانەکەی گوندم
بەتۆوە سەر بڵندم
شوێنگەی بیرو ڕەوشتم
بە تۆ ئەبەستم پشتم
لەپۆلی یەکم تا شەش
لەگەڵ منالی چاوگەش
شەش ساڵ لای تۆ ئەخوێنم
ئەوسا دەگۆڕێ شوێنم
دێکەم بەتۆوە جوانە
لێی دیارە قوتابخانە
بەرزی لەهەر گوندێک بی
خۆزگە لەگشت کونجێ بی
بمدیایە ئەو ئاواتە
گشت گوندی ئەو وڵاتە
لێی بکرایە خوێندنگە
دژی ئەم شەوەزەنگە

# بێچوە ژیشک

ئەمین محەمەد



بێچووە ژیشک
لەدارستان ونبوە
دایکی دەڵێ
نازانم بۆ کوێ چووە
دێت و دەچێ
بۆی دەگەڕێ لەو ناوە
بیری دەکات
ئارامیی لێبڕاوە
باڵندەیەک
بەجریوە جریو بانگیکرد
دەستی گرت و
بەرەو لای بێچووەکەی برد
وتی وەرە
من دەزانم لەکوێیە
هەواڵی گشت
ئەم دارستانەم پێیە
ئا ئەوەتا
لای ئەو دارە وەستاوە
زۆر برسی بو
خواردنمان بۆ داناوە

# کەڵەشێر

ڕزگار عوسمان (مامی)



کەڵەشێری پەڕ ڕەنگینم
پڕ لە هیواو عەشقە ژینم
بەرەبەیان زوو دەخوێنم
مژدەی ڕۆژ ڕادەگەیەنم
هەستن بۆ کار، هەتا زووە
تەمەڵ کاری لەدەستچووە
قوو قوو قوو، کار ئاسانە
ژیان خۆش بێ، بۆ هەمووانە
وا ڕۆژهەڵات، وا ڕۆژهەڵات
با کار بکەین بۆ گەل و وڵات

# کێکی ئەفسوناوی

لەتورکییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

ڕۆژێک مامم هاتەماڵمان و ئێمەی بۆ نانی نیوەڕۆی یەکشەممە بانگهێشت کرد. هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو ڕۆژە کێکێکمان پێشکەش دەکات کە هەزار کەس ئامادەی کردووە. بە سەرسوڕمانەوە وتمان: (ئەی هاوار! کێکێک کە لەلایەن هەزار کەسەوە دروستکراوە! دەبێ بەقەد گومەزی مزگەوتێک گەورە بێت). بەبێ ئارامی چاوەڕێی یەکشەممە بووین.

لە کۆتاییدا یەکشەممە هات. کە گەیشتینە ماڵی مامم، سەرەتا سەرمان سوڕما. هەموو شتێک هەر وەک جاران بوو. بەڵام پێمان وابوو یەک کێو کێک لە باخچەکەدا دانراوە. دانیشتین بۆ نانخواردن. شۆربا و گۆشت و پەتاتە و سەوزەیان دانابوو. خواردنەکەمان خوارد، بەڵام بیرمان هەر لای کێکەکە بوو. زۆر تامەزرۆ بووین. لە کۆتاییدا دەرگاکە کرایەوە. ئامۆژنم کێکەکەی لەسەر سینییەک هێنا. ئەمە ئەو کێک بە ترێیە بوو کە ئامۆژنم چەندین جار دروستیکردبوو. بە هیچ شێوەیەک ئەوەندە گەورە نەبوو.


براکەم گوتی: مامە. ئەمە ئەو کێکە نییە کە بەڵێنت پێداوین!

مامم لە وەڵامدا وتی: بەڵێ، هەر ئەوەیە.

براکەم وتی: باشە، بەڵام، تۆ پێت وتین کە کێکەکە لەلایەن هەزار کەسەوە ئامادەکراوە.

- ئەوەی تۆ دەیڵێیت ڕاستە ئازیزم... سەیرکە با جارێ بیری لێ بکەینەوە... بۆ دروستکردنی کێک سەرەتا پێویستمان بە ئاردە. بیر لەوە بکەرەوە کە چەند کەس کار بۆ دروستکردنی ئارد دەکات. سەرەتا کێڵگەکە دەکێڵرێت، ئینجا دەچێنرێت، و دروێنە دەکرێت. پاشان دەبێت ژمارەیەکی زۆر کانگەر و ئاسنگەر و دارتاش، کار بۆ دروستکردنی گاسن و داس و ئامێری

هەڵڕشتنی تۆو بکەن. دواتر پێویستمان بە هێلکە و شیر و شەکرە.
بیر لەو دەستانە بکەرەوە کە کار بۆ دروستکردنی ئەمانە دەکەن. هێشتا ماوییەتی. ئێمە پێویستمان بە کشمیش و لالەنگییە. ئەمانە لە پارێزگا جیاوازەکانەوە دێن. کەشتی و شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل، هەموو ئەمانە لە شوێنی بەرهەمهێنانەوە دەهێننە شوێنی بەکاربردن. ئایا دەزانن چەند سەدان کرێکار کاریان کردووە بۆ دروستکردنی کەشتی و شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل؟ سەرباری ئەمانە: بەندەرو هێڵی ئاسن و وێستگەکان و کۆگاکان یشی بۆ زیاد بکە.
بیر لەو دەستانە بکەرەوە کە ئەو سندوق و گونیانە دروست دەکەن کە هەموو ئەم کاڵایانەیان تێدەکرێت.
چاوەکانمان پێ ئەبڵەق بوون.
خوشکەکەم : ڕاستە مامە... هەزاران دەست کاریان بۆ دروستکردنی ئەم کێکە کردووە.
مامم وتی: - لەوە زیاتریش. ئامۆژنت بۆ ئامادەکردنی ئەم کێکە فڕنی بەکارهێناوە. لەسەر دەفرەکان دایناوە. کەواتە ئەو دەستانە لەبەرچاو بگرن کە هەموو ئەم کارانە دەکەن.
ئەو دەستانەی کە کاریان دەکرد بۆ ئامادەکردنی کێکێک بۆ ئێمە زۆر بوون و نەماندەتوانی بیانژمێرین. سەرمان سوڕما. لەکاتی خواردنی کێکەکەدا؛ بیرمان لەو دەستە بەنرخانە دەکردەوە کە شیاوی ماچکردنن.
کانگەر: کرێکاری کان هەڵکەن.



# بێکەس

ئا: ڤینا

فایەق، کوڕی "عەبدوڵڵا بەگ"ی کوڕی "کاکە حەمە"ی کوڕی "ئەلیاسە قۆجە"یە. ناسراوە بە بێکەس. بنچینەی بنەماڵەکەیان لە قەڵاچوالانەوە چوونەتە سلێمانی و بۆ خۆیشی ساڵی ١٩٠٥ لە ناحیەی سیتەک ی شارباژێڕ لەدایکبووەو، ئەو سەردەمە فەرمانگەی قەزای شارباژێڕ لە سیتەک بووە. عەبدوڵڵا بەگی باوکی لەوێ "تابوور ئاغاسی" بووە.

بێکەس، ساڵی یەکەم و دووهەمی تەمەنی لە سیتەک بەسەربردووەو، پاشان ماڵیان چووەتەوە سلێمانی و هەر زوو خراوەتە بەر خوێندنی حوجرەو ژیانێکی ناخۆشی بردۆتەسەر، چونکە لەمنداڵییەوە باوک و دایکی کۆچی دواییان کردووە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا توانیویەتی درێژە بە خوێندن بدات و ببێت بە مامۆستا، بەڵام لەبەر هەڵوێستی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی، تووشی دەردەسەرییەکی زۆر بووە، تا لە ١٨-١٢-١٩٤٨ لە تەمەنی ٤٣ ساڵیدا بەنەخۆشی کۆچی دواییکردووە.

بێکەس جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و فارسی و تاڕادەیەک ئینگلیزیشی زانیوە. یەکێکیشە لەو نوسەرانەی کە منداڵانی لەبیرنەکردووەو بیست پارچە هۆنراوەی بۆ نوسیون، وەک: دایک، شوان و مەڕەکانی، گۆرانیی سپۆرت، بەیانی، تەماعکاری، جوتێک کۆترو بۆقێک، هەرەوەز، لە قوتابخانە، فڕۆکە، ژماردن، ئێمە مناڵین، کە لە زۆربەی بوارە پەروەردەییەکاندا ڕۆڵی گرنگی خۆیان بینیووە. جگە لەوەش هەشت سروودی بۆ نەوجەوانان نوسیوەو بەوەش بووەتە یەکێک لە نوسەرو شاعیرە پێشەنگەکانی ئەدەبیاتی منداڵان.

نمونەی هەڵبەستێکی:

**ئێمە مناڵین، وەتەن دایکمانە**
**مامۆستا باوکە، مەکتەب ماڵمانە**
**قوتابی هەموو وەک برامانە**
**کوردی خۆشەویست نووری چاومانە**
**ئەبێ تێکۆشین ئەمڕۆ مەردانە**
**چونکە کوردستان چاوی لێمانە**



# سەیرانگای کونەماسی

ئا: خاڵخاڵۆکە

منداڵانی ئازیز، دڵنیام ئێوە ناوبانگی کونەماسیتان بیستووەو ڕەنگە زۆربەشتان سەردانی ئەم سەیرانگایەتان کردبێت.
گوندی کونەماسی سەر بەناحیەی گاپیلۆنی قەزای ماوەتە لە شارباژێڕ. (٣٠) کم لە شاری سلێمانی و (٢٠) کم لە قەزای ماوەتەوە دوورە.
گوندەکە تەنیا (١٢) ماڵێکی لێ نیشتەجێیە. بەڵام لە ئێستادا کونەماسی هەر لادێیەك نیە بەتەنیا، بەڵکو بۆتە یەکێك لە خۆشترین سەیرانگاکانی سنوری شارباژێڕو پارێزگای سلێمانی و تەنانەت کوردستان و عێراقیش. لەساڵی (١٩٩٤)ەوە کراوە بە سەیرانگاو گەشتیاران لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان و تەنانەت لە ئێران و ناوەڕاست و باشوری عیراقیشەوە سەردانی دەکەن.
دانیشتوانی ئەو گوندە کۆمەڵێك کەپری ڕازاوەیان لەسەر چەمەکە دروستکردووەو بۆتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ دانیشتوانەکەی و نزیکەی (٢٠٠) کەپری تێدایە، ئەو ئاوەی بە دامێنی گوندی کونەماسیدا تێدەپەڕێت و سێبەری دارچنارەکانی و کەپرە دەستکردەکان وایکردووە کە گەشتیارێکی زۆر بۆلای خۆی رابکێشێ. کەم کەس هەیە وێنە جوانەکانی ئەم سەیرانگایەی بیربچێتەوە.



# نەمامی بەڕوو

نوسینی: محەمەد نیکخوا ئازاد
وێنە: تاهیرە رەزایی
لەفارسییەوە: ئازاد تەها عەلی

کۆتایی مانگی ئازار بوو. بەفری چیاکان تواوبوونەوەو درەختەکان هێواش هێواش لە خەو هەڵدەستان. من و ئومێدی برام بە نیاز بووین لە حەوشە یاری بکەین. چاوەڕێی بابە بارام بووین. ئەو بەڵێنی پێدابووین کە نەمامی داربەڕوومان بۆ بهێنێت تا بینێژین.

بابە بارام هاتەوە. نەمامی جوانیشی هێنابوو.

گوتی: منداڵینە، خێرا خۆتان ئامادە بکەن. کاک ناسر هاتووە بۆ ئەوەی لە دێ ﻤانباتە دەرەوە.

کاک ناسر ژینگەپارێزە. لە ڕێگە پێی وتین: لە چەند ساڵی ڕابردوودا، زۆربەی دار بەڕووەکانی نێو دارستانەکە لەناوچوون، زۆربەی ئەو ئاژەڵانەشی کە هێلانەیان لە سەر درەختەکان بووە یان خواردنیان بەڕوو بووە، ژیانیان کەوتۆتە مەترسییەوە.

پرسیم: ئایا درەختەکان لەناو دەچن؟ کاک ناسر لە وەڵامدا وتی: ئەگەر باران نەبارێت، وشکەساڵی ڕوودەدات و درەختەکان زیانیان پێدەگات؟ بێگومان ئێمەی مرۆڤیش لەگەڵ درەختەکاندا میهرەبان نین. ئێمە دەیانبڕینەوە بۆ بەکارهێنانی دارەکانیان، یان بۆ دروستکردنی ڕێگە لە ناوەڕاستی دارستاندا.

دوای ناشتنی نەمامەکان، بابە بارام وتی: منداڵینە، ئێوە کارێکی زۆر گەورەتان کردووە. چەند ساڵێکی تر، نەمامەکانتان دەبنە درەختی بەرزو ئەستور.

ئومێد گوتی: ئەگەر ئێمە منداڵانی دێ، هەر کامێکمان نەمامێک بچێنین، جارێکی دیکە دارستانی بەڕووەکەمان پڕ دەبێتەوە لە درەخت.





چیرۆک

# جوانترین دیاری جیهان

نوسینی: رێحانە ئابشاهی
نیگار: مریەم فەزڵی
لە فارسییەوە: توانا نەوشیروان

ورچە کە لەخەو هەستا تورەو پەست بوو، ئەمرۆ ساڵرۆژی لەدایکبوونی بوو، بەڵام هێشتا میوانی نەهاتبوو.
لەماڵ چووە دەرەوە، گوێدرێژی هاوڕێیی بینی، ویستی بانگهێشتی بکات، بەڵام بیری کەوتەوە دوێنی گوێدرێژەکە تیانووسەکەی جوی بوو، چون ڕەنگی پەڕەکانی، وەک ڕەنگی (کا) زەردبوو.
هاواری کرد: نەخێر، بەهیچ شێوەیەک بانگهێشتی ناکەم.
کەمێک لەولاترەوە کەروێشکی هاوڕێی بینی، لەپڕ بیری کەوتەوە، کە سێ ڕۆژ پێش ئێستا کەروێشک لەکاتێکدا بەڵێنی دابوو، تەنیا کەمێک لە قاپە هەنگوینەکەی بخوات، بەڵام هەمووی خواردبوو، تەنانەت لێو و بنی قاپەکەیشی لێسابوەوە.
هاواری کرد: نەخێر، بەهیچ شێوەیەک بانگهێشتی ناکەم.
گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و وتی: بەتەنیا خۆم ئاهەنگ دەگێرم.
بەڵام ئاهەنگ گێڕان بەتەنیا هیچ خۆش نییە.







دڵی بۆ پێکەنین و یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانی زۆر تەنگ بوو.

ڕۆیشت کێکەکەی بهێنێت، لەناکاو دیارییەکی لەسەر لێوی پەنجەرەکە بینی.

وتی: هیچ دیارییەک وەک میوان نییە.

بەبێ ئارامی شریتی دیارییەکەی ڕاکێشا، لەپڕ سیسرک لەناو کارتۆنی دیاریەکە بازیداو هاتەدەرەوە.

هاواری کرد: بۆئەوەی پێرێ لەنێوانماندا ڕوویدا، داوای لێبوردن دەکەم. "ڕۆژی لەدایکبوونت پیرۆزبێت"

ورچە بە دڵخۆشییەوە لەشوێنی خۆی بەرزبوەوەو وتی: ئەمە جوانترین دیاری جیهانە!

سیسرکەکە بازی داو پەنجەرەکەی بەتەواوی کردەوەو وتی: دیارییەکانی تر لەدەرەوەن.

ورچە سەیریکرد لەناو کارتۆنێکی گەورەدا. کەروێشکەکە بە دوو قاپ هەنگوین و پەرتوکێکی دووبەرگی چیرۆکەوە هاتەدەرەوە.

گوێدرێژەکەیش بە دوو تیانووس کە پەڕەکانی ڕەنگیان زەردبوو و گوڵێکەوە، لەپەنجەرەکەوە سەری هێنایە ژورەوە و هۆنراوەی هەموو ساڵێک بەخۆشی بۆ وتەوە.

ورچە توند هەرسێکیانی لە باوەش گرت و وتی: خۆتان جوانترین دیارین.


پاشان ئاهەنگی لەدایکبوونەکە دەستپێکرد.



# تۆش مەوەستە

ئاکۆ محەمەد سابیر- سوید

کارژیلە سپی تەمەنی دوومانگ بوو، هەر شیری گوانی دایکی دەمژی و لەناو کاوپۆشی گەرمو نەرمدا پاڵی لێدەدایەوە.
دایکە بزن گوتی: کارژیلە هەستە بچۆ دەرەوە، کەمێک بگەڕێ با تەمبەڵ و قەڵەو نەبیت. بەگەڕان و بینینی دیمەنی نوێ وانەو شتی باش فێر دەبیت.
کارژیلە هەستاو گوتی: باشە دایە گیان غاریدا، سەیری هەورەکانی کرد بەئاسماندا دەڕۆن، وەستاو هاواری لێکردن: بوەستن بۆکوێ دەچن؟
پەڵە هەورێکی گوپن گوتی: کارژیلە ئێمە ناوەستین، چونکە شنەباش ناوەستێت، تۆش مەوەستە. کارژیلە گوتی: باشە باش. کەوتەوە غاردان، تا لەبەردەم ڕووبارێکدا وەستاو هاواری لێکرد: بوەستە، بۆکوێ دەڕۆیت؟ باکەمێک یاری بکەین پێکەوە. ڕووبار گوتی: ئمبورە ناتوانین بوەستین، گەر بوەستین بۆ گەن دەکەین، نابینی ماسییەکانیش بزێون، ناوەستن، تۆش مەوەستە.



کارژیلە کەوتەوە غاردان، منداڵێکی بینی جانتایەک بەشانیەوەو بەپەلە دەڕۆیشت، کارژیلە هاواری لێکرد: بوەستە کیژەکە بوەستە، باکەمێک یاری بکەین، بۆکوێ دەچیت؟ کیژەکە گوتی: دەچم بۆ قوتابخانە، ناتوانم بوەستم، دەبێت وانەکانم بخوێنم تۆش مەوەستە.
کارژیلە کەوتەوە غاردان لەناکاو گوێی لە دەنگێک بوو بانگی لێکرد: کارژیلە بوەستە، باکەمێک پێکەوە وازی بکەین.
کارژیلە ئاوڕی دایەوە مام ڕێوی بوو، نەوەستاو بە دەم غاردانەوە گوتی: ناتوانم بوەستم. گەڕایەوە ماڵەوە بۆلای دایکی.













# کرمی بچووک

١- قوڕەکە بە باشی هەڵدەشێلین. پاشان چەند تۆپەڵێکی پێ دروست دەکەین.

٢- تۆپەڵەکان بە کەمێک ئاو تەڕ دەکەین و بەیەکیانەوە دەنوسێنین.

٣- دوو تۆپەڵی بچووک لە شوێنی چاوەکانی دادەنێین.

٤- دەتوانین بە شتی جیاواز نەخش لەسەر لەشی کرمەکە دروست بکەین.

٥- دەتوانین بۆ دروستکردنی چاوەکانی، سوود لە پوشکە گیاو ناوکی میوەو چەرەسات و وردە بەردی ڕەنگکراو و تەنانەت پولەکەو زەنگیانەش وەربگرین.

٦- چاوەڕێ دەکەین تا کرمە بچوکەکەمان وشک دەبێتەوە.

٧- پاشان ڕەنگی دەکەین.



# چنووری

سەلاح نیساری - بۆکان



پێدەشتەکە بەگوڵ ڕازابۆوە. سروە بۆنی هەڵاڵە و مەندێ و وەنەوشە و هەموو گوڵەکانی دەهێنا. چنووری ئەو بۆنە خۆشانەی هەڵدەمژی. جارجارەش سەیری ئەو هەنگ و پەپوولە باڵ ڕەنگینانەی دەکرد لەگەڵ چەند زەردەواڵەیەک دەهاتن و بۆ چەند چرکەیەک لەسەر گوڵەکان دەنیشتنەوە. چنوور بە پارێزەوە دەستی برد، لقی سوورە گوڵێکی ڕاوەشاند، مێشەکان هەڵفڕین.

دایکی چنوور نەختێ دوورتر بەرکۆشێکی گوڵەبەیبوون کردبوو. دایکی چنوور، هەموو ساڵێک گوڵی گۆزروان و پنگە و جاترە و ترشۆکە و زۆر گوڵی دیکەی دەچنی و لەماڵێ وشکی دەکردنەوە، هەر کەس نەخۆش کەوتبا، ئەو گوڵانە وەک چایی دەم دەکرد و چاکی دەکردنەوە.

چنووری بانگی دایکی کرد: دایە تۆوی گوڵ کامەیە؟

دایکی دوو دەنک کەلووی وشکی گوڵە خاشخاشکی بەلاسکەوە قرتاند و دایە دەست چنووری گوتی: کچی جوانم ئەوە کەلووی گوڵە، گوڵەکەی وەریوەو پڕە لە تۆو. ئەگەر بیوەرێنی ساڵێکی دیکە بەهارێ شین دەبێتەوە. چنووری کەلووی گوڵی لەدەست دایکی وەرگرت و بۆ چەند خولەکێک سەیری کەلووی پڕ لە تۆوی کرد و بیریکردەوە. دایکی

سەرقاڵی گوڵچنینی خۆی بوو. چنووری بە گوڵەکاندا گەڕا، تۆوی گوڵان و کەلووی زۆری کۆکردەوە و لە کیسە نایلۆنێکدا تاقەتی کردن. ئەو ڕۆژە بۆنی گوڵانی هەڵمژی و کەوتە شوێن پەپوولە باڵ نەخشینەکان، گوێی لە دەنگی باڵندەکان گرت. سەیری کەندەسمە و دارکوونکەرە و قەل و کۆتری کێوی کرد و زۆر شاد بوو.

ئێوارە لە گەڕانەوەدا تۆوی گوڵەکانی بە تەنیشت ڕێگایماڵێدا چاند، چەپکێک گوڵیشی لەگەڵ خۆی هێنا و لە ماڵێ لە شووشەیەکدا لەبەر پەنجەرەکەی دانا و ئاوی لەبن کردن. جار جار لە دایکی دەپرسی: دایکە کەی تۆوی گوڵەکان سەوز دەبن؟ هەمووجارێ دایکی دایگوت: بەهارێ. وردە وردە ساڵ کۆتایی هات و بەهار هات. ڕۆژێک دایکی گوتی: کچەجوانەکەم وەختی ئەوە هاتووە بچین بۆ گوڵ چنین. وەحتێ دایک و کچ بەرەو بنار دەچوون گوێ ڕێگاکە بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابۆوە. چنووری گوتی: دایە گوڵەکەنم شین بوون؟ دایکی گوتی: ئەوە ئەو گوڵانەن تۆ چاندووتن، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە بە گوڵ ڕازابۆوە.



# باخچەی منداڵانی ماوەت

ئا: ئارەزوو عەبدولخالق

باخچەی منداڵانی ماوەت یەکێکی ترە لە ناوەندەکانی تری خزمەت بە منداڵان لە شارباژێڕ و بە پێویستمان زانی بەسەریان بکەینەوەو بە ئێوەی منداڵانی بناسێنین:

ئەم باخچەیە، ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ دامەزراوە. یەکەم باخچەو تاکە باخچەیە لە قەزای ماوەت. ژمارەی منداڵە چاوگەشەکان لەم باخچەیەدا (١٣) منداڵەو (٢) ژووریان هەیە، بەناوەکانی: ژووری گوڵ و ژووری پەپوولە.

سەرجەم قوتابی یاخود منداڵەکانیان خەڵکی ماوەتن و دانیشتووی ماوەتن.

لە ئێستادا (٦) مامۆستای هەیەو چالاکی تایبەت بە وانەکان و وەرزەکان و پێویستیەکانی رۆژانە ئەنجام دەدرێت. هاوکات فێری خۆشەویستی ژینگەو نیشتمان دەکرێن.

ساڵانە لە وەرزی بەهاردا ڤیستیڤاڵ ئەنجام دەدەن و تا ئێستا پانزە ڤیستیڤاڵیان سازکردووە. بە پێی تواناش بەشداری ڤیستیڤاڵەکانی دەوروبەرو ناوچەی شارباژێڕ دەکەن.

ئامانجی سەرەکی باخچەکەش هەوڵدانە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی منداڵ و بەدیهێنانی ژیانێکی ئاسودە بۆیان. جگە لەوەش باخچەکە سرودی تایبەت بەخۆی هەیە.






## سروودی باخچە:

مناڵی باخچەی ماوەتم
ژیرو بە دەست و بردم

باخچەم خاوێن و جوانە
گوڵزاری مناڵانە

شوێنێکی خۆشەویستە
بۆ مناڵان پێویستە

مامۆستاکان دڵسۆزن
وەک و دایکمان بەسۆزن

باخچەی ماوەت
باخچەی ماوەت





# یاریکردن لە حەوشە




تەنیا هێلانەیەکیان تەواو کراوە،
ئەوانیتریش تەواو بکە
سەیری چرۆکانی
ئەم درەختە
بکە، چرۆ بۆ
درەختەکانی
تریش بکە
بگەڕێ و ئەم
گیاندارانە بدۆزەرەوە

# چی بخۆین؟

## تا قژێکی درێژ و جوانمان هەبێت.



**با جگەرو زەردێنەی هێلکە، فاسۆلیا و نیسک بخۆین.**

**چونکە ئاسنیان تێدایە. ئاسن ڕەگی قژمان بەهێز و ئەستوور دەکات.**



**• با پەنیر، شیر و ماست بخۆین، چونکە کالیسیۆمیان تێدایە.**

**کالیسیۆم وا دەکات تاڵەکانی قژمان بەهێز و جوان بن.**



**با سەوزە و میوە بخۆین. چونکە ڤیتامین (C)یان تێدایە.**

**ڤیتامین (C) دۆست و هاوڕێی ئاسنە.**



**با گوێزی هیندی و زەیتی زەیتون بخۆین، چونکە ڤیتامین (A)یان تێدایە.**

**ڤیتامین (A) یارمەتی گەشەکردنی قژ دەدات.**



# خاڵخاڵۆکە

محەمەد بەرزی

خاڵخاڵۆکەی خاڵاوی
بۆ لە قژم ئاڵاوی

کاتێ خۆت دەجوڵێنی
زوو زوو سەرم دەخورێنی

دەی تۆزێ وەرە خوارێ
هەردوو دەبین بە هاوڕێ

ورد ورد هاتە سەرشانم
نزیکبوو لە چاوانم

خاڵی سەر پشتی ڕەشە
قاچەکانیشی شەشە

جوانە وەکو مرواری
داخەکەم خێرا فڕی

